حكومەتی هەرێمی كوردستان
ئەنجومەنی وەزیران
سكرتاریەت

حكومة اقليم كوردستان
مجلس الوزراء
السكرتارية

## بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران

## ژمارە (٢١١) لە ٢٠٢٣/٤/١٢

پشتبەست بە حوكمەكانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەمواركراو، و ئاماژە بە كۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٠٧) لە ٢٠٢٣/٤/١٢، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

١. ڕاسپاردنی هەردوو وەزارەتی (ناوخۆ و وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن) بۆ لێكۆڵینەوە و بەدواداچوونی هۆكارەكانی وەستانی گەشتەكانی فڕۆكەخانەی نێودەوڵەتیی سلێمانی و دواتریش ئەو هێرشەی لە نزیک فڕۆكەخانە ڕوویدا، ڕاپۆرتێک لەو بارەیەوە ئامادە بكەن و لە كۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران بخرێتەڕوو.

٢. وەزارەت و فەرمانگە و لایەنە نەبەستراوەكان بە وەزارەت ئەم بڕیارە جێبەجێ دەكەن.

مەسرور بارزانی
سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران